سەرۆک وەزیران داوا لە وڵاتانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش دەکات هەوڵی پێویست بە ڕاگرتنی شەڕ بدەن

ئەمڕۆ سەشەمە، سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی داوای لە وڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش کرد هەوڵی پێویست بە ڕاگرتنی شەڕ بدەن.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، ئاماژەی بەوە کردووە: "سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێشوازی لە باڵیۆزی چین لە عێراق 'تسوی وەی' کرد، لە دیدارەکەدا بارودۆخی ناوچەکە لە سەبەری پەرەسەندنی گرژییەکان بەهۆی بەردەوامیی ئەپەراسیۆنە سەربازییەکان و فراوانبوونی مۆداکێیان تاوتوێ کرا، هەروەها ئەو لێکۆتانەی کە بە سەر عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان هەیەتی، لەگەڵ ئەنگدانەوە ئابووریەکانی و کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی لەسەر زنجیرەکانی دابینکردنی جیهانی."

سەرۆک وەزیران داوای لە "وڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، لەنێویاندا چین، کرد کە بەرپرسیارێتی خۆیان جێبەجێ بکەن بە ئەنجامدانی هەوڵی پێویست بەمەبەستی ڕاگرتنی شەڕ و سنووردارکردنی ئەو پەرەسەندنەی کە هەڕەشە لە ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی دەکات."

لەڕاگەیندراوەکەدا ئەوەشی خستەڕوو کە "لە دیدارەکەدا پێیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و چین و بەهێزکردنی ئاسۆی هاوکاری لە بوارە جیاوازەکاندا تاوتوێ کرا، بە جۆرێک کە گەشەسەندنی هاوبەشی

نوان هردوو وات ننگبداتو و خزمت بر برژوندیو هاوبشکانیان بکات."